# ئەگەر گرتمت دزم ئەگینا ئەزم

**پێشکەشە بە کاك (کاوە ئەمین) و ئەو هاوڕێیانەی وەك ئەو بیر ئەکەنەوە**

**هیمداد ڕەنجەرۆ**
himdadrenjero2@hotmail.com

خوێنەرانی بەڕێزی ماڵپەری کوردستان نێت بابەتی ئەم جارەم پەیوەست و تەواوکەری ئەو بابەتەیە کە لە ڕۆژی ٢٤ی ئەم مانگە لە ماڵپەری کوردستانی ئیمرۆدا بلاّوم کردبووەوە، بەلاّم تایبەتمەندیەکی تری ئەم بابەتەم ئەوەیە کە نامەوێت بکەومە وەلاّم و وەلاّمدانەوەی کەسێك و ناو ڕەوشی ناکۆکی و ململانێی خۆیی واتە (تاکەکەسی) چونکە من ناکۆکیم لەگەڵ هیچ کەسێك نیە، بەڵکو ناکۆکی و شەڕانگیزیەکەم لەگەڵ بیرو بۆچونێك ئەقلّیەتێکە، کە پێم وایە باوی نەماوە، نەك بەتەنیا ئەوە بەڵکو پێویستە تاکو جارێکی تریش هەڵەبجەو ئەنفال و کارەساتەکانی وەك ساڵی ١٩٤٦ی مهاباد، ١٩٧٥و هەزارانی تریش دووبارە نەبێتەوە پێی لەسەر دابگرین، لایەنێکی ترسناك لە شێوازی خەباتی نەتەوەیی کوردستان کە چەندین ساڵە ئاکامەکەی بەتەنیا یاخیبون، شەڕ، شکست، بێ هیوایی و لەناوچونە تادەگاتە ئاستی خیانەت باش لێکبدرێتەوە و چیتر ڕێگانەدەین چین و توێژێك لەژێر ناوی دەوڵەت و پێکهاتەی ئەتنیکی یاری بە عەواتیفەکانمان بکەن و لەسەر بنەمای بێ چارەیی و قوڵبونەوەی کێشەکان خۆیان بژیێنن لەسەرەتادا من پێتان ڕائەگەیەنم منیش دژی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نیم کە پێداویستیە دیموکراتیە ئازادیەکانی کۆمەڵگا و بەرژەوەندیەکانی نەتەوەی کورد و هەموو ئەو کەمایەتیانەی کەلە کوردستاندا ئەژین دەستەبەر بکات، بەلاّم لەسەدا سەد پێم وایە ئەوانەی خۆیان لە ئەقلیەت و پێکهاتەی خێڵەکایەتی و نەتەوەپەرستی سەرەتایی ڕزگار نەکردووە ئەوانەی باوەڕیان بە هێزی جەماوەر نیە ئەوانەی پشت بەساڵانە پشت بە دەرەوە ئەبەستن و چاویان لە ڕەحمەتی بەریتانیا و ئەمریکایە، هەرگیز بەڕاستی نەتەوەپەرست و دەوڵەت پەرستیش نین کە بانگەشەی بۆ ئەکەن.

من بەو سەرەتایە دەمەوێت بکەومە نێو باسەکە بەلاّم پێش ئەوەی بکەومە نێو باسەکە هەوڵ ئەدەم نەکەومە ململانێی شەخسی چونکە مەبەستی من ململانێی شەخسی نیە بەڵکو شرۆڤەکردنی ئەو بیرو بۆچونەیە کە باسی ئەکرێت. سەرەتا دەمەوێت لە دیواری قودسەوە باسی بابەتەکە بکەم. وەکو هەمووومان ئەزانین قودس دیوارێکە لە مێژودا شوێنێکی دیارو بەرچاوو پیرۆزی هەیە بەتایبەتیش ئەو دیوارە ڕۆڵێکی زۆری لە ڕێککەوتن و ئاشتی و ئاشتبونەوە و پێکەوە ژیانی گەلان هەبووە بەلاّم ئەوڕۆ لەسەر ئەو دیوارە سەدان لاوی فەلەستینی بە دروشمی (الله الله) خۆیان ئەکەنە بۆمبێك و نازانین بەچیدا ئەتەقنەوە، ڕژێمی ئسڕائیلیش لولەی فاشیستی تفەنگەکانی ئەکاتە ڕوی خەڵکی بێ گوناحی فەلەستینی بەلاّم ئەگەر لەسەر ناکۆکیەکانی ئەوان وورد ببینەوە جگەلەوەی عەرەب و اسرائیلیەکان ئامۆزای یەکترن، لە هەمانکاتدا بەڕای من حەرەکەتە ڕادیکاڵەکانی عەرەبی اسلامی فەلستینی و حکومەتی فەلەستین لە گەلێك شت یەکتری تەواو ئەکەن و ئەگەر بە پلانیش نەبێت خزمەتی بەرژەوەندی یەکتر و بەتایبەتیش بەڕەفتارەکانیان خزمەتی مانەوەی یەکتری دەکەن. واتە ئەگەر لەناوفەلستینیەکاندا بزوتنەوەیەکی نەتەوەپەرستی مەزهەبی توندڕەو، دۆگما و وشك لە ئارادانەبێت، لە ئیسڕائیلیش فاشتەکان بێ کار ئەمێنن، بەپێچەوانەی ئەوەش بەهەمان شێوە. هەرچەندە جیاوازی نێوان فەلەستین و کوردستان گەلێك زۆریش بێت، بەلاّم ئەمە نمونەیەکە پێویستە پەندی لێ وەرگرین، نمونەیەکی تری فەلستین کە لەکوردستان بچێت ئەویش شەڕی کەروێشك و تاژیە! واتە چۆن لە کوردستان بەریتانیا کاتێك بەنهێنی سەری خۆی دەهێنا بن گوێی سەرانی کورد پێی ئەووتن ئەگەر ئێوە خەبات و شەڕێك دژ بەو ولاّتانەی ئێوەیان چەوساندۆتەوە ئەنجام بدەن ئەوا ئێمە هەوڵ ئەدەین قەوارەیەکی کوردیتان بۆ دابین بکەین، بەلاّم لەقسەی ئێمە دەرنەچن و ئەم قسانەش با لەبەینی خۆمان و خواکەتان بێت، بەلاّم کاتێ چاویان بە داگیرکەران و چەوسێنەرانی کوردستان ئەکەوت ئەیانوت ئەگەر ئێوە بەقسەی من بکەن و فلاّنە بەرژەوەندیمان من دابین بکەن ئەوا چاو لەڕفتارەکانتان ئەگرم بۆ تێکشکاندن و لەگۆڕنانی ئەو یاخیبوانە، بەو سیاسەتەش هەوڵیان ئەدا باوکی ڕاپەریو لەناوببنەن ولەسێدارەی بدەن بەلاّم کوڕەکەی تەسلیم بگرن و بەناوی کوردایەتی بیخەنە خزمەتی خۆیان لەمێژوی راپەرینە کلاسیکیەکانیشدا دوژمن بەو سیاسەتە ئەنجامی باشی وەرگرت یانی لە ئەنجامی ئەقلیەتی نەتەوەپەرستی سەرەتایی ئەگەر بوێری و قارەمانی هەبوبێتیش توانیان باوك لەسێدارە بدەن و کوڕی هەمان باوکیش بکەن بە شێخێك، ئەندام پەرلەمانێك، قازیەك، لەبەرژەوەندی خۆیدا بەکاری بهێنن. ئەوە ڕاستیەکی نەشاراوەیە لەمێژوی تاڵی ئێمە، بەدان نەنان بەو ڕاستیە ناتوانین سود و پەندو ئەزمون لەمێژوو وەربگرین و مێژوو ئەبێتە چیرۆك. ئەبێت بەو مانایەوە تەماشای مێژو و کارەسات و شکستەکان بکەین نەك بە هەستوسۆزی نەتەوەیی و عەواتیفیانە. ئەبێ بەو چاوە ڕەخنە لەو لایەنە نێگەتیڤانە بگرین کەلە خەبات و تێکۆشانی گەلەکەماندا چەندین جار دوبارە بونەتەوە و ئاکامەکەشی ڕەووشی ئێستای باشوری کوردستانە کە خۆی لەبەرامبەر چارەنوسێکی نادیار ئەبینێتەوە، ئەمەیە شێوازی (ناسیۆنالیزمی کلاسیکی) کاتێك من ئەو ووشەیەی ناو کەوانە بەکاردەهێنم لەهەمانکاتدا هەڵوێستی خۆم لەو

لایەن و کەسانە جیائەکەمەوە کە لەژێر ناوی ئینتەر ناسیۆنالیزم و کۆمۆنیزم هەموو شێوازەکانی نەتەوایەتی ڕەد ئەکەنەوە. بەڵام بەو خەونەش ناژیم کە سیستەمی شۆڤێنی عەرەب، فارس، تورک چۆن منیان چەوساندۆتەوە منیش ڕۆژێك تۆڵەی خۆم لە ئەوان بکەمەوە نەخێر ئەمە هەم خەون و خەیاڵە هەمیش نزیکبونی نەتەوەپەرستی فیوداڵ- بۆرژوای کوردە کە دوو هەڵوێستی پێچەوانە و ناکۆکی لەگەڵ یەکتری هەیە ئەویش! یان ئەوەتا لایەنی بەرامبەری بەمرۆڤەکانیشەوە ڕەد ئەکاتەوە، یانیش تەسلیمیان ئەبێت، هەردوو هەڵوێست چەوتن و ناکۆکن لەگەڵ ڕاستینەی چەمکی دەسەڵاتداری کوردی کە ئیمپراتۆریەتی مەدەکان و صلاّحەدینی ئەیوبی لە مێژودا نوێنەرایەتیان کردوە واتە کورد لە مێژودا نمونەی جەسارەت و قارەمانێتی بە خۆگۆشەگیرکردن بە خەونەکانی نا بەڵکو پێشەنگایەتی بۆ گەلانی تری ناوچەکەش کردووە. من لەبابەتی پێش ئێستامدا بۆ مالپەری کوردستانی ئیمرۆ ووتبوم ڕاستە زۆر کەس و لایەن پێش PKK باسیان لە دەوڵەتی کوردی کردووە، بەڵام لەلایەك بەجدی کاریان بۆ نەکردووە لەلایەکی دیکەشەوە نزیکبونی ئەوان لە چوارچێوەی شێخایەتی مەلایەتی ئاغایەتی بووە هەربۆیە ئەتوانین بڵێین عەقڵی ئاغا ووڵاتێکی پێ بەڕێوەناچێت، بەڵکو هەرە زۆر گوندێك دوو گوند یا شارێکی پێ بەڕێوە بچێت، ئەگەر ووڵاتێکیشی پێشکەش بکەیت ناتوانی بۆماوەیەکی درێژ بەڕێوەی بەرێت چاوی لە بێگانەیە بۆی بەڕێوە ببات، واتە ئەو لۆژیکەی لە کوردستان کە لەلایەك خاوەن تێگەیەکی دیموکراتی و فراوانی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشەنبیری ولاّتپارێز نیە، لەلایەکی دیکەشەوە جارو بار بەتایبەتی لەکاتی تەنگانە باس لە دەوڵەت دەکات و دەوڵەت ئەکات بەسەرچاوەی ئازادی، ئەمەش ڕاست نیە نەبەڕاستی دەوڵەتی دەوێت، نە پێی بەڕێوە ئەچێت و نە بەجدی کاریشی بۆ ئەکات، ئەو لایەنەی کە لە ڕوی هزرو بۆچون و ڕێبازەوە لە دوژمنانی پێشکەوتوتر نیە و بەڵکو گەلێك جاریش لە دوای ڕژێمی دەسەڵاتدار بەجێ ماوە، ناتوانی داوای دەوڵەت بکات جا ئەورۆ هەندێك کۆلکە ڕۆشەنبیرو لایەن هەن کەلەکاتی شۆڕشی زیندوکردنەوەی نەتەوایەتی بەزۆر کوردستانی عێراق کوردستانی تورکیا، کوردستانی سوریایان پێ تەرك کرا ئەورۆ لەبەر گەرمایی ئاگری ئەورروپا داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئەکەن و ئەڵێن ئەگەر پەکەکەی نوێ واتە (کادەك) جارێکی تر شەڕ بکاتەوە پێویستە ئەو شەڕە بۆ ئامانجی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت، ئەوانەی ئەو تێگەیە پەیڕەو ئەکەن لە هەمان کات بەدوای ڕێگایەکدا ئەگەڕێن تاکو بازرگانی بە کێشەی کوردەوە بکەن، PKK- ١٥ساڵ شەڕی بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەکردووە من پێم وانیە بەتەنیا بۆ ئەو مەبەستە تەسکە بۆ دروشمە شەڕی کردبێت بەڵام گریمان ئەگەر واشبێت کاتی پارتی ئاماژەبۆکراو شەڕی بۆ دەوڵەت ئەکرد جەنابت و ئەو لایەنەی کەبەناوی بێ لایەنی و سەربەخۆیی و ڕۆشەنبیری نوێنەری هزری ئەوان ئەکەی لە کوێ بون چیان ئەکرد، ئایا هەر ئەوان نەبون ئەچونە تورکیا دەیان ووت ئەوانە تیرۆریستن و ئەهاتنە لای پارتی کرێکارانیش ئەیان ووت ئێوە لەسەر حەقن لێدەن شەڕ بکەن بەڵام لەپشتەوەش خەنجەریان لە دۆزی کورد ئەوەشاند و شارو دێهات نەما سوپای پاسداران و میتی تورك و حەرەست جمهوری نەخەنە ناو، ئەی تۆ کێی لەبەر ئاگری تەنوری سوێد دانیشتوی هیچ ناکەی و داوا لە (کادەك) ئەکەی وەلاّ پێویستە بۆ سەربەخۆیی کوردستان شەڕ بکرێت یەکێك نەتناسێ دەڵێ سەری شای فڕاندوە. ئەگەر ڕەخنەشمان لەسەرPKK هەبێت ناتوانین ڕاستینەی نەتەوایەتی ئەو لایەنە نەبینین کە سنورە دەست کردەکانی لەسەرو مێشکو چاو و دڵی خەڵك بۆ یەکەمین جار سڕیەوە ئەگەر چاوەکانمان کوێریش بکەین ناتوانین ئێستاکەش نەتەوایەتی ئەوان نەبینین. خۆئەگەر مەرجی دروست بونی دەوڵەت دابین بکەن و هزری دەوڵەتی پێشکەوتوو کە دیموکراسیەتە کە نەهێشتنی پاوانکردنی دەسەڵاتە دابین بکەن و دژی چەمکە کلاسیکەکان شەڕ بکەن ئەوا دەوڵەت خۆشە بەڵام ئەگەر ئەوە جێ بەجێ نەکەیت و داوای دەوڵەت بکەیت ئەوا من پێت ئەڵێم تۆ خەون ئەبینی و تەنانەت خەونەکانیشت ناکۆکن لەگەڵ ڕاستی کەسایەتی و چینایەتیت بۆیە بەبێ خۆناسینێکی ڕاست خۆبەستنەوە بەدەوڵەت و سیاسەتکردن لەسەر جوگرافیا لەڕۆژگاری ئەمرۆماندا هەڵەیەکی گەورەیە. زۆر لایەن و کەسیش پێیان وایە PKK توانیویەتی بە دروشمی سەربەخۆیی کوردستان هەموو کوردستانی بەلای خۆیدا ڕاکێشێت و خۆی کردوە بەپارتێکی جەماوەری هەرەگەورە لە ئاستی هەموو کوردستاندا، ئێستاش ئەوان باس لەدەوڵەت ناکەن با ئێمەش هەندێك باسی بکەین بۆ ئەوەی خەڵك لە دەوری خۆمان کۆبکەینەوە ئەمە هەڵوێستی ئێستای PDKەیە بەڵکو بەناوی خۆی نا بەڵکو بەناوی ئەو لایەنانەی کە سەرکردایەتیەکانیان لە نمونەی شەهید د. سیروان تیرۆرکردون و پارتێکی سەختەی بەهەمان ناو بۆ دروست کردون ئەکات، هەروەها ڕۆشەنبیران هان ئەدەن کە باسی ئەمە بکەن بەڵام بەخۆی قسەناکات. من پێت ئەڵێم کاکە باخەون بەو خەیاڵە نەبینین، پارتی کرێکارانی کوردستان لەسایەی دروشمی سەربەخۆیی گەورە نەبوو، بەڵکو گەلێك شتی تر هەن کە ئەو پارتەی گەیاندە ئاستی بەهێزی جەماوەری ئەویش ئایدۆلۆژیا و سەرۆکایەتی ڕاستەقینەی ئەو پارتەبوو. باشە ئەگەر بەچاوی ئەوان تەماشای ئەوە بکەین خۆ (پاسۆك) پێش پەکەکە و باوکی پەکەکە دروشمی سەربەخۆیی بەرز ئەکردەوە بەڵام لەشەش کەس نەزیادیان کرد و نەکەم تەنانەت پاسۆك خورماشی قەدەغەکردبوو بەڵام ئەورۆ پاسۆکیەکان شوێنەواریشیان نەماوە. کەواتە دەبێ بەشێوەیەکی ڕاستر تەماشای ئەو بابەتە بکەین، خۆ ئەورۆ KADEK باسی سەربەخۆیی ناکات بۆ واگەورەیە؟ لەکاتێکدا ڕۆژ بەڕۆژیش چالاکیەکانی فراوانتر ئەبێت و پارتەکانی تریش بەپێچەوانەی ئەو هێز لە دەست ئەدەن، تەنانەت ئەگەر هەڵومەرجی ناودەوڵەتی نەبێت یەك چەکدارو یەك حیزبی لە

باشوری کوردستان نابینینەوە، بەلاَم لەباکوری کوردستاندا لەسایەی هزری نوێی نەتەوەیی دیموکراتخواز سەرباری گوشارەکانی تورکیاو ئەمریکاش ڕۆژ بەڕۆژ ئیرادەی ئازادی کوردان ئەکەوێتە پێشەوە. هەروەها ئەگەر PKK لە ڕابوردودا و KADEK لە ئێستادا توانیویانە جیگای خۆیان لە بەشەکانی تری کوردستان بکەنەوە ئەوە لەسایەی دروشمی سەربەخۆیی نیە، چونکە ئێمە ئەزانین ئێستاکەش هاتنی جەماوەری باشوری ڕۆژئاوا، ڕۆژهەلاَت، باشور بۆناو ڕیزەکانی بزاڤی ئاماژەبۆکراو هەر بەردەوامە خۆ ئێستاش ئەو دروشمەنیە، بەلَکو ئەمە سەرچاوەی خۆی لە هزری نوێخوازی بزاڤی ئازادی دەگرێت کە پارتی ئاماژەبۆکراو پێشەنگایەتی ئەکرد. ئێستاکەش هزری نەتەوەیی دیموکراتی ئەلتەرناتیفی هزری کلاسیکی نەتەوەپەرستی سەرەتاییە کە نەباوەڕی بەخۆی هێزو وزەی جەماوەر و نەلەناوخۆ و نەلە دەرەوەش دیموکرات نیە چونکە باوەڕی بە خۆی نیە بەلَکو لە جیاتی پشت بەستن بەدیموکراسیەت پشت بە دەرەوە دەبەستێت، بەلاَم ناکرێت لە بیر بکەین ئەمە سەرباری هەموو لایەنەنێگەتیڤەکانیەوە لە مێشك و هزری کۆمەلَگای کلاسیکدا بۆتە هێلێکو کەسان و چین و توێژ و لایەنەکانی تریش لەبەر ئەوەی خۆیان لە کاریگەریەکانی ئەوان ڕزگار نەکردووە نەبونەتە، واتە هێز لە چوارچێوەی هێلَی ئەوان واتە نەتەوەپەرستی کلاسیك ئەخولێنەوە. جاتۆ بۆ خۆت هەر بێ لایەن بەو حیزبی نەبە، گرنگ ئەوەیە تۆ چۆن بیر ئەکەیتەوە لە ژێر کاریگەری کامە قوتابخانە دای، من ئەمە وەك تاوان و عەیب نابینم چونکە ئەمە ڕاستیەکی کۆمەلَگای ئێمەیە کە پێشەنگێکی وای نەبوو بۆ ماوەیەکی دورو درێژ بتوانێ بەئاسانی کار لەناو کۆمەلَگا بکات بەلاَم ئەمە ڕاستی ئێمەیە و دەبێ دانی پێ بنێین و گەلێك سەرچاوەی تری چینایەتی نێو کۆمەلَگای کوردی هەیە کەلێرەدا دەرفەتی شرۆڤەکردنیان نابینم، بەلاَم ڕاستیەکە وەکو کورد ووتەنی (حەق ڕەقە) چارەسەری ئەمەش ڕێنیسانسی فکر و هزریە کە بە دیموکراسیەتی کۆمەلاَیەتی ئەبێت، ئەگەر تۆ پرسیار ئەکەی و ئەلێیت دیموکراسی کراسی ئاودامان نیە لەبەری کەمالیزم و بەعسیزم و شیعیزمی هەلَکێشین، منیش ئەلێم دیموکراسی کراسی خۆ نوێکردنەوەیە پێویستە کورد پێش هەموو شتێك لە خۆی هەلَکێشێت، پێویستە لەسەری پارتە کلاسیکیە فیودالیەکان هەلَکێشین. بەلاَم داخەکە لەوە دایە ئێمە چۆن لە دیموکراسیەت تێ ئەگەین، منیش پێم وایە ئەوەی خۆی دیموکرات نەبێت چ لە مالَەوە چ لە دەرەوە چ ئەو لایەنەی کە دەسەلاَتی هەرێمی بەسەر ناوچەیەکدا ئەشکێتەوە ئەگەر تۆوی دیموکراسیەت لە ناو خۆیدا نەچێنێت، ئەوا مافی ئەوەی نیە داوای دیموکراتیەت لە ڕژێم بکات. چونکە ئەزمونی دیموکراتی باشوری کوردستانمان بینی کە دوا بەدوای پاوانکردنی دەسەلاَت تەقلیدی بەعسیان کردەوە بەس، ئەوانیش پارت و ڕێکخستن قەدەغە ئەکەن ئەوانیش کەسانێك کەوەك ئەوان بیرنەکەنەوە شەهید ئەکەن. کەواتە پێش ئەوەی داوای دەولَەت، فیدرالیزم هتد. . بکەین پێویستە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین. PKK کاتێك خەباتی چەکداری بەرێوە ئەبرد بۆ زیندوکردنەوەی هەستی نەتەوەپەرستی سەرەتایی نا بەلَکو لە پێناوی زیندوکردنەوەی گیانێکی نەتەوەیی کەلە گۆڕنرابوو دەستی بە خەباتی چەکداری کرد. ئەگەر سەیری کتابی بەڕێز ئۆجالان بکەین بەناوی (حەوت ڕۆژ لەگەلّ ئاپۆ) لەوێ بەئاشکرا باس لەوە ئەکرێت کە ئەوان لەپێناوی ئەوە تێناکۆشن کە هەندێك کەس بە هەلَە لێیان تێگەیشتونە واتە ئەوان چەمکی سەربەخۆییی بە جیاکردنەوەی جوگرافیایەکی دەوروبەری سیمکراو کەچند پایگاو ڕەبیعەو قەرەقۆلێکی دەوردراو نابینن، بەلَکو ئەوان سەربەخۆیی لە ڕوانگەیەکی ئایدۆلۆژیەوە تەماشا ئەکەن ئەم دیدارە لە سالَی ١٩٩٦لەگەلّ بەڕێز ئۆجالان سازدراوە، هەروەها دیموکراسیەت مافێك نیە دوژمن لەگیرفانی خۆیدا زەوتی کردبێت دیموکراسیەت تۆوێکە لەسایەی خەباتی هاوبەشی کۆمەلاَیەتی، سیاسی جەماوەری دابین ئەکرێت واتە ناخوازرێ ئەسێنرێ. بەداخەوە کاتێ باس لە دیموکراسیەت ئەکەین هەرکەس بەپێی تێگەیشتن و باری دەرونی خۆی لێی ئەڕوانێ.

کێشەیەکی هەرەجدی ئێمەی کورد ئەزمون لە ڕابوردو وەرناگرین و کارەساتەکان بە ڕوداوەکانی جیهان نابەستینەوە، لەلایەکی دیکەشەوە خۆمان لە هزری هێز و دەسەلاَت و دەولَەتی سەردەست ڕزگار نەکردووە، واتە دەمانەوێت بەو چەمکانە ڕوبەڕوی خاوەنی ئەم چەمکانە ببینەوە باشە ئەشێ تۆ بەچەکێك کە دوژمنەکەت بە خۆی سازی کردووە واتە چۆن ئەزانێت سازی بکات بەو شێوەیەش ئەتوانێت تێکی بدات ئەتۆش بێ حیسابکردن بۆ ئەوە بەچەکی ئەو یاری لەگەلّ ئەو ئەکەی، کەواتە گەورەترین کێشەی ئێمە لەو ڕۆژگارەدا ئەوەیە بە هزری سەردەست ڕوبەڕوی سەردەست ئەبینەوە، بۆ ئەوە ئەوان دەولَەتیان هەیە ئێمەش دەبێت هەمانبێت ئەوان دەسەلاَتیان هەیە ئێمەش دەبێت هەمانبێت جائەو دەولَەتە چۆن ئەبێت باببێت و تەقلیدی ئەوان ئەکەینەوە بە خۆشمان ئەلێین ئێمە ئازادین ئەمەش دورە لە ناوڕۆکی ئازادی. ئازادی ئەوەیە کەتۆ لە دوژمنەکەت جیاواز بیر بکەیتەوە پرۆژەی جیاوازت هەبێ داوای شتی جیاواز بکەی بەمیتۆد و شێوازی جیاواز تێبکۆشیت.

بۆ نمونە ئەگەر ئەوڕۆ ئەمریکا کە زلهێزێکی جیهانە هەردەم دەیەوێت دوژمنێك یان کێشەیەکی هەبێت، نایەوێت ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، چونکە دوا بەدوای چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە، بێکار ئەمێنێت واتە کۆتاییان پێ دێت. ئەمڕۆ هەندێ لایەنی کوردستانی کە گەلێك لە ڕۆشەنبیرو نوسەرانیش لە ژێر کاریگەری ئەوان دان هەرچەندە باس لەوە دەکەن کە سەربەخۆو بێ لایەنن و بە ئازادی بیر دەکەنەوە بەلاَم کاتێ ئەگەینە کرۆکی مەسەلەکە وانیە. ئەو لایەنانە هەردەم پێیان خۆشە و هەولّ ئەدەن کە لە خەلَك بگەیەنن ئێمە

کێشەمان لەگەڵ گەلانی هەرێمەکە هەیە و ئەو کێشەیەش چارەسەر نابێت و لەو چوارچێوەیەدا چەمکی دیموکراسیەت و پێکەوە ژیان و یەکسانی ئەگەر بە ئاشکراش نەبێت ڕەد ئەکەنەوە، ئەمەش کۆنەپەرستی و شۆڤێنیستیە ئەمەیە هێز و ووزە بە فاشیزم و شۆڤێنزم ئەبەخشێت، ئەمە جگەلە لاسایی کردنەوەی نەتەوەی سەردەست هیچی تر نیە، ئەو لایەن و کەسانە بۆ ئەوە لە چەمکی دیموکراسی ڕائەکەن و دیموکراسی بە چەمکی خۆبەدەستەوەدان و بێ هێزی لە قەڵەم ئەدەن کە لە ڕاستیدا بەپێچەوانەی بۆچونی ئەوان ڕاستە. دیموکراسی و پێکەوەژیان لەگەڵ گەلانی هەرێمەکە یەکێکە لەو نزیکبونە ژیرانە کە فاشیزم و نەتەوەپەرستی کلاسیك و فیودالیزم چەك ئەکات و لە گۆڕیان ئەنێت ئەوانەش بە خۆیان خۆیان لە نەتەوەپەرستی سەرەتایی و فیودالیزم ڕزگار نەکردوە بۆیە ڕکەبەرایەتی ئەم چەمکە دەکەن کە تاکە ئەڵتەر ناتیفە.

بەلاّم هەندێك لایەن و کەس کەڕوبەڕوی ئەم چەمکە نوێیە ئەبنەوە هیچیان پێ نیەو نازانین هیچ بکەن، بەڵکو بە شێوەی دزەکردن و بەشێوازێکی باریکانە بۆ مەسەلەکە ئەچن. بۆ نمونە ناتوانن ڕاستینەی سەرۆکایەتی ڕەد بکەنەوە بەلاّم ستراتیژی ئەو ڕێکخستنە یان ئەو بزاڤە ڕەد ئەکەنەوە، چەند نمونەی ئاپۆ دەهێننەوە بەلاّم ستراتیژی ئەو ڕێکخستنەی کە ئاپۆ ڕێبەرایەتی ئەکات ڕەد ئەکەنەوە، ئەمەش جگە لە دوڕویی چەواشەکاری، ناکۆکیەکی مەزنە، پێویستە ڕۆشەنبیرو نوسەرانیش ئەگەر ڕەخنەشیان هەبێت نەکەونە خزمەتی ئەو لایەنانەی کە دەڵێن ئەگەر گرتمت ئەزم ئەگینا دزم. . . . . .

### تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەلاّم بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بلاّویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣